مانـای دوو دێرەکـە لـە دەقـە ئینگلیزیی‌یەکـەدا ئەوەیـە: دوانیـوەڕۆی پێـنج شـەممە، د.قاسـملوو لـەکاتی وتـوێژ لەگـەل وەفـدی ئێرانیی‌یـەکان لـە ئاپارتمـانێکی ئـارامی شـاری ڤییەن دا  بە سێ گوللە کوژرا.

تێبینیـی : لـە لاپـەڕەی ٨ ی دەقـە ئینگلیزیی‌یەکـە پێناسـەیەک لـە فـازل رەسـول کـراوە کـە نادروسـتە. پێناسـەکەش بـە نـەقل لـە  جـەلال تالـەبانیی کـراوە. نووسـەری کتێبەکـە  ئـەو زانیاریی‌یەی لە تالەبانیی و بنێللا بیستووە و نووسیویە:

Fadil Rasul, an exiled Kurd from Iraq. Young and naïve, Rasul had been the intermediary between the Kurds and Iranians.

 ماناکـەی ئەوەیـە: فـازل رەسـول، کـوردێکی پەنابـەری  عێراقـی بـوو. لاوو سـادەدڵ بـوو. مەلاعەبدوللا  کردوویە بەدڵپاک. لەنێوان ئێرانیی‌یەکان و  کوردەکاندا  نێوبژیوان بوو."

کـارۆل پـرۆن هـوبێر هـیچ زانیـاریی‌یـەکی لەسـەر فـازل رەسـوڵ (فـازل مـەلا مـەحمود) نـەبووە، چونکـە زمـانی ئالمـانیی نـەزانیوە تـا لـەزانیاریی کـۆکراوەی دادوەرانـی  پەروەندەکـە و پۆلیسـی دادوەریی و کتێبەکەی پیتر پیلچ کەڵک وەربگرێ و فازل بناسێ و بیناسێنێ.

ئـەوەی کـارۆل لەسـەر فـازل رەسـول نووسـیویە لـە تالـەبانیی و بنـێللا و مـەلا عەبـدوللە حسـن زادەی بیسـتووە. بەشـێک لەوانـەش سـەر بـە  ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران و تـوواوە لـە ویلایەتی خومەینیی بوون.[1]

فـازل کەسـایەتیی‌یەک نـەبوو کـە بتـوانێ ببێتـە نـاوبژیوان. نـاوبراو لـە قۆنـاخی یەکـەمدا لـەمالی لایـەنگرێکی تالـەبانیی بـە نـاوی" خ.م. " لەڤییـەن، پاسـەوانـی صـحراودی و تالـەبانیی بـوو. بـۆ ئـەو ئەرکـەش  لـە دوو دەمانچـەی جـەوازداری  سـوزانەی ژنـی کـەڵکی وەرگرتبـوو. سـەرنج دان بـە هاوچەشـنیی و یەکسـانیی وتـەکانی تالـەبانیی و بنـێللا کـە کـارۆل ئامـاژەی پێکـردوون نیشـاندەدەن کـە تالـەبانیی و بنـێللا بـە هـۆی مـەلا عەبـدوللاوە دوای تێـرۆری د.شـەرەفکەندیی و رادانـی حـدکا بـۆ قژلەکـەی هەرمۆتـە لـە کۆیـە، فایـل و دۆسـیەی تێـرۆری د.قاسملوویان لە بەر دەست دابووە.

وشـەی   na  ̀ive   کـە مـەلا عەبـدوللا بـە مانـای لاوو سـادەدلی نووسـیوە لـە  زمـانی فەرەنسـیی‌دا بـۆ منـال و گـول بـەکار دەبـرێ و بـۆ گـەورە و بەسـاڵداچووان مانـای سـاویلکەدەدا. فـازل بـە پێچەوانـەی وتـەی مـەلا عەبـدوللاو بنـێللاو نـە سـادەدڵ بـووە نـە سـاویلکە. ئـەو کـە لـە بـەغـدا لەگـەل تالـەبانیی و نەوشـیروان مسـتەفا لـە دامەزرێنـەرانی کۆمەلـەبووە و لەگـەل سـەرانی ئیتتیلاعـات و بەنیسـەدر و بنـێللا لـە پێوەنـدیی‌کـاریی‌دابـووبێ

[1]- http://www.mediafire.com/view/q0ng3cr3svrh3uq/Lapery%203%20qrtaw%20E.jpg
http://www.mediafire.com/view/79kb30cai371cja/qrteendrawylaperey%20l.24u25%20kurdi.jpg

وچوارسـال و سـێمانگ لای حیزبـوللای لوبنـان بـۆ ئـەو کـارەی کـە ئینتیلاعـاتی سپاپێی‌ئەسـپارد بـوو راهێنـدرابێ، دەکـرێ بـە سـاویلکە و سـادەدڵ پێناسـە بکـرێ؟ بەوتـەی صـحرارودی و مـەلا عەبدوللاگوایـە فـازل رەسـوڵ "مامۆسـتای زانکـۆی ڤییـەن "بـووە.[ ئـەو ئیدیعایـەی مـەلا عەبـدوللا وەکوبـاقی نووسـراوەکانی نـاوبراو بێ‌سـەرچاوەو نادروسـتە]. جیالـەوەش بـە وتـەی مـەلا عەبـدوللاو صـحرارودی گوایـە نـاوبراو چنـدین کتێبیـی بـە زمـانی ئالمـانیی و عـەرەبیی نووسیبوو.تائێسـتا کـەس چـاوی پێیـان نەکـەوتووە. تـۆبڵێی کەسـێکی ئـاوا رازیـی بـێ بیێتـە پاسـەوانی تالـەبانیی و صـحرارودیی؟ لەهـەرحال دا کەسـێکی ئـاوا بـە سـاویلکە نـاودێرکردن یـان بـە نـائیف و دڵپـاک پێناسـەکردن دوور لـە مـەنتیقی مامۆسـتا مـەلا عەبدوللا نی‌یە؟ بائەوەش لە ریزی ئەو سوپاسنامانەدابن کە پێشتر بڵاو کراونەوە.

٢٥--لاپـەرەێ ٧ ی دەقـە ئینگلیزیی‌یەکـە ئـاخر پـاراگرافی پـێش کۆتـایی لاپەرەکـە وەرگێردراوەکەی ناتەواوە.

تەرجەمەی دەقەکە ئەوەیە":

دوکتـور قاسـملوو دوانیـوەرۆی پێنجشـەممە لـە ئاپارتمـانێکی بێـدەنگ و ئـارامی شـاری ڤییـەن کە لەگەل نێردراوە سیاسیی‌یە ئێرانی‌یەکان خەریکی وتووێژ بوو بە سێ گوللە کوژرا.

لەپێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوللا حەسەن‌زادەدا نووسراوە ":

دوانیـوەرۆی پێنجشـەممە، لـەکاتێکدا کـە دەگـەل نوێنـەرانی ئێـران خـەریکی وتـوێژ بـوو لـە ئاپارتمـانێکی شـاری ڤییـەن کەوتـە بـەر گـوللە و کـوژرا. مـەلا عەبـدوللا حەسـەن‌زادە نـاوی د.قاسـملووی لـەو دێـرەدا قرتانـدووە. ئەگـەر وشـەی" ئێرانیی‌یـەکان" ی لەگـەل نەبوایـە مـەلا عەبدوللا وشەی "قاسملووی" دەنووسـی.

٢٦ – بڕگەی دووهەم"سێهەمین پیاو" !

لە دەقە ئینگلیزیی‌یەکەدا <u>A Tired Man</u> نووسراوە.

ئـەو سـێ وشـەیە لـە دەقەکوردیی‌یەکـەدا بـە هەڵـە مانـا کراونـەوە. ماناکـەیان "پیـاوێکی مانـدوو" یـان پیـاوێکی شـەکەتە. وشـەی "سـێهەمین پیـاو" لـە بـرێ مرۆڤێکی ماندوو یان شەکەت داندراوە کە هەڵەیە.

مامۆستا کاویان ئەو وشەیەی بە Third Man خوێندووەتەوە.

ئەگـەر مـەلا عەبـدوللای "ئێـدیتۆر " زمـانی ئینگلیزیـی زانیبـا دەیتـوانی ئـەو هەڵەیـە راسـت بکاتـەوە. دەقەکەشـی فـام نـەکردووە. گرنـگ بـۆ ئـەو گـۆرینی واقعییـەت و پاکانەکردن بۆ تێرۆریستەکان و رازیی کردنی صحرارودی وتالەبانیی بووە.

٢٧ – سانسـۆری پـاراگرافی پێنجـی لاپـەرەی ١٠ دەقـی ئینگلیزیـی کتێبەکـەی خولیـاو مـەرگی رەحمـانی کـورد خولیـای کوردسـتان و لاپـەڕەی ٣٠و ٣١ دەقەکوردیی‌یەکە.

مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بۆ ئەوە تاوانی هاوکارەکەی خۆی و نوێنەرەکەی تالەبانیی و هاودەستەکەی بنبێللا واتە فازل رەسول بشارێتەوە ئەم پاراگرافەی لاپەرەی دەی دەقە ئینگلیزیی‌یەکە لە پێداچوونەوەی بە دەقەکوردیی‌یەکەیدا سانسۆر کردووە.

دەقی سانسۆرکراولە کوردیی‌یەکەدا ئەوەیە:

Wednesday afternoon. The Venue for these new negotiations was the apartment at 5 Linkebahngasse made available by Fadil Rasul. Before the negotiation sessions began, presumably neither of the parties knew of the location nor the layout of the building.
That afternoon, Rasul separately picked up and delivered both Dr.Ghassemlou and the Iranian delegation to this venue. The first day of negotiations made no substantial headway, and the parties agreed to meet the next day.

لاپەرەی١٠ی دەقە ئینگلیزیی‌کە پاراگرافی ٥ و لەبەشە کوردیی‌یەکەدا لاپەڕی ٣١ پاراگرافی دووهەم باس لەوەدەکا کە: فازل رەسول واتە دۆستەکەی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە شوێنی تایبەتیی بۆ بەڕیوەبردنی جینایەتەکان ئامادە کردبوو.

ئەوەی کە مەلا عەبدوللا حەسەنزادە تەزویری کردووە باسی ئەو شوێنەیە کە فازل رەسول بۆ کوشتنی د.قاسملوو عەبدوللا قادریی تەرخانی کردبوو. واتە ئاپارتمانی ژمارە پێنج لە گەڕەکی Linkebahngasse لە مەنتیقەی ٣ ی شاری ڤییەن. ئەو ئاپارتمانە هی‌رێناتە Renate واتە ژنە سیغەیی‌یەکەی فازل بوو[٩]. ئەو زانیاریی‌یە لە لاپەرەی ٣١٦ سەرچاوەکانی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان، بە وەبەرچاوگرتنی نووسراوەکەی پیلچ لە کتێبی ئیسکۆرت بەرەو تاران و بەڵگەنامەکانی مافەکانی مرۆڤی سەر بە ئێرانیی‌یەکان نووسراوە.

ئەو ئاپارتمانەلەلایەن فازل رەسولەوە وەکو مالی تیمی بۆ ئەوانەی کە لە ولاتانی دیکەوە بۆ ڤییەنی دێنان کەڵکی لێوەر دەگرت.

ئەو شوێنەی کە فازل رەسوڵ بۆ کوشتنی د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەر رێکی خستبوو، بۆ تێرۆریستەکان خویا بوو. صحرارودی و اجوادی ماوەیەک تێیدا ژیابوون. ئەوکاتانەی چوو بوونە هۆتێل، لەو هۆتێلانە مابوونەوە کە لەنزیک ئەو ئاپارتمانە بوون. لە هیچ هۆتێلێک لە شەوێک و دوو شەو زیاتر نەمابوونەوە. ئەوان لە هەموو کەلین و قوژبن و شەقام و فرۆشگە و وێستگەی قەتار، مەکدۆنالد، پۆستخانە و کیوسکی تەلەفۆنی ئەوبەشە لە ڤییەن کە مەودای لە باڵوێزخانەی ئێرانەوە بۆ پیادە ٧ خولەک رێگا بوو شارەزا بوون. نووسەری ئەو لێکۆلینەوەیە لە نزیکەوە ئەو ئاپارتمانەی کە کرابە شوێنی کوشتنی د.قاسملوو و هاوڕێکەی دیتووە.

فازل رەسول " لەو ئاپارتمانە بۆ زۆر مەبەستی تایبەتیی کەڵکی لێوەردەگرت. بە تایبەتیی بۆ برادەر، دۆست و خزم، کورد و عەرەبی لایەنگری رژیمی خومەینیی کە لە ولاتانی دیکەوە دەهێنرانە ئوتریش و نەیاندەویست دەزگا ئیتیبلاعاتیی‌یەکان لە ئوتریش لەشوێنی مانەوە و پێوەندیی‌یەکانیان ئاگادار بن دەیبردنە ئەو ئاپارتمانە.

ئەندامانی سەرۆکایەتی ینک رای جیاوازیان لەسەر فازل هەبووە. بۆ وێنە پروانە وتەکانی عەلی سیرنی و چەند ئەندامێکی کارگێری پلە بەرزی ینک  کرتە بکە بۆ [ئێرە]() و کۆنترۆڵ لێدە و Esc دابگرە!

٢٨ – تەرجەمەی دەقە سانسۆرکراوەکە لە لاپەڕەی ١٠ دی دەقە ئینگلیزییەکە بەم جۆرەیە کە مەلا عەبدوللا حەسەنزادە مقەستیری کردووە : " دوانیوەرۆی چوارشەممە (١٩٨٩/٧/١٢)، ئەومالەی کە  بۆ وتویژی قۆناخی دووهەم لەلایەن فازل رەسوڵەوە  رێک خرابوو ئاپارتمانی ژمارە ٥-١٢ لە کۆڵانی  لینکە بانگاسێ بوو.

گوترا کە ئەوەش راست نەبووە کە تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئەو مالەیان پێنەزانیبوو.  صحرارودی، اجوادی  و بزرگیان لەو شوێنە ژیابوون. چونکە ئەو تۆمەتبارانە، شارەزای شوێنەکە بوون و شێوەی لەکارخستن و کردنەوەو  پێوەدانی دەرگاکەیان دۆزیبۆوە و قوفلەکەیان دەستکاریی‌کردبوو. بە کوتە نایلۆنێک پێوەندیی کارەبایی‌یان پساندبوو. لە لێکۆلینەوەی   کارناس و خیبرەکاندا، ئاماژە بەو دەستکارییە کراوە.

صحرارودی لە وتەکانی‌دا لە لای دادوەری لێکۆلینەوە گوتبوی  کە فازل رەسول و براکەی، لە مالەکەی خۆیاندا ئۆدەیەکیان بۆ ئەو و اجوادی  تەرخان کردبوو. تالەبانیش کە دواتر لە لایەن مەلا عەبدوللاوە نووسخەیەک لە پەروەندەکەی دراوەتێ،لە وتویژ لەگەل نووسەری کتێبی خولیاومەرگی قاسملووی کورددا  ئیشارەتی بەو وتەیەی صحرارودی کردووە.

لە هیچ جێیەک باس نەکراوە کە بنبێللا دوای دیداری د.قاسملوو و عبدالله قادری بەرلە ئێوارەی رۆژی چوارشەممە بۆ کوێ چووە؟ بنبێللا لەو دیدارەی‌دا لەگەل د.قاسملوو، دەبێ فێلێکی کردبێ، فێڵەکەش ئەوەبووە کە بەڵێنیی دابووبێ بە د.قاسملوو کە لە رۆژی ١٣ /٧/ ١٩٨٩ لە کۆبوونەوەکەدا بەشداریی دەکا. بەلام لەو رۆژەدا  نەچووبووە شوێنی بە ناو وتویژەکە رەنگە   دواتر فازل رەسوڵ یان کارگێرانی بالوێزخانەی ئێران یان صحرارودی پێی‌ان گوتبی‌کە  وتویژەکە  بۆ رۆژێکی دیکە دواخراوە یان شتێکی لەو بابەتە. ئیحتمالی ئەوە کە خۆی زانیبێتیی مەترسیی تێداچوونی خۆی لەو پلانەداهەیە خۆی دەربازکردبێ.

خیبرەو کارناسەکانی پۆلیس لە پێداچوونەوەی شریتەکانی د.قاسملوودا باس لەوە دەکەن کە کەس یان کەسانێکی دیکە لەو کۆبوونەوەیەدا هەبوون. چونکە دەنگی کەسێک لە ناو شریتی وتوویژەکانی د.قاسملوو دا تۆمارکراوە  کە  بۆ پۆلیس ئاشنا نەبووە.  وەرگێرەکانی پۆلیس ژن و پیاوێکی فارس و ئوتریشیی بوون. ژن و مێرد بوون. نووسەری ئەم بابەتە لە قیبەن بۆ وەرگێرانی دۆکۆمێنتێک لە فارسیی‌یەوە بۆ ئاڵمانیی چووەلای مێردی ژنەئێرانییەکە. ئەو کابرایە لایەنگرێکی گورج و گۆڵی رژیمی خومەینیی بوو. وەرگێرو ژنەکەی بە ویستی خۆیان بەشگەلێکی هەلبژاردەی خۆیان لە فارسیی‌یەوە کردبوو بە ئالمانیی. رادەی راستکردارییی ئەو ژن و مێردە فارس و ئوتریشیی‌یە (عات...و ئێنگل...) و نزیکیی ئەو دوو کەسە بە سفارەتی ئێرانەوە جێێ لێکۆلینەوەیە.

دوای ئەوە کە  د. کێسلێرسەرۆکی بەشی دژەتێرۆر و بەرپرسی لێکۆلینەوەی روداوەکە پرسیاری لە بنبێللا کردبوو کە ئاخۆ فارسیی دەزانێ؟ بنبێللای رێوی ئاکار خۆی

توورەکردبــوو. کــورد دەڵــێ: دار هــەڵێنێ ســەگی دز رادەکــا. بنبــێللا کــە ئــەو پرســـیارەی لێـدەکرێ دەزانـێ دەسـتی روو بـووە و پـۆلیس زانیویـە کـە ئـەو کابرایـە لـەو تێـرۆرەدا هاوکـاری تێرۆریســـتەکان بــووە. بنبــێللا لەگــەل د.کێســـلێر کردبــووی بــە شــەر و خــۆی دزیبــۆوە و لــە ڤییــەن خـۆی دەربـاز کردبـوو. دواتـر دەرکـەوت کـە لـە خـولی یەکـەمی وتـووێژدا واتـە شـەش مانـگ پێشــتر ئاپارمانێکیــان لــە شــاری ڤییــەن بۆکرییــوو.دەقی راپــۆرتی کرینــی ئــەو ئاپارتمانــە لەلایــەن فــازل رەســولەوەکە بــە قیمــەتی ١٤٥٠٠٠٠شــیلینگ کرییــووی و پوڵەکــەی بــۆ دابــوو لەپەروەنــدەی تێــرۆرە کــەدا هەیــە کــە مــەلا عەبــدوللا لــە ئەنــدامانی حــدکا و لــە خــەلکی کــوردی شــاردووەتەوە. دەقەکــە بــە زمــانی ئالمانییـنووســراوەو پێشــتر لەلایــەن نووســەری ئــەو لێکۆڵینەوەیە کراوە بە کوردیی و بڵاو کراوەتەوە.

دەزگــای تێــرۆر و ئیتتیلاعــاتی رژیمــی خومــەینیی بــۆ کەســانێکی کــە هاوکارییــەکانیانی بــە گرنــگ زانیــون، لەهــەر شــوێنێک ویســتبێتیان مــال یــا ئاپارتمانیــان بــۆ کریــون. ئەنــدامی تــەنزیمێکی کــورد بــە نــاوی ئــی. ئــە. پەنابــەر لــە ئێــران لــە دوو شــاری قــوم و تــاران و شــاری ڤییــەن هاوکــات خــاوەنی ســێ ئادریســـی ناســراوو دایمیــی بــووە!! ئــەو کەســە لــەدەوری یەکــەمی وتووێژەکــان لــە رۆژی ١٩٨٨/١٢/٣٠ تــا ١٩٨٩/١/٢ لــە هۆتێــل هیلتــۆن لــە شــاری ڤییــەن، میــوانی صــحرارودی بــوو. هــۆی چــوونی ئــەو کەســە بــۆلای صــحرارودی لــەو کاتــەدا و مانەوەی لە هۆتێل هیلتۆن لە لای صحرارودی، نەزانراوە.

مەبەســـتیان لــە کرینـــی ئاپارتمـــان و بینـــا بـــۆ کەســـانێک کـــە کاریـــان بـــۆکردوون فکرێکـــی شــەیتانیی بــووە. بــەو شــێوەیە کرییــانن و بۆهەمیشــە بــۆ مەبەســتی جینایەتکارانــەیــان کــەڵکیان لێوەرگرتــوون. نــاردنی ژمارەیــەکی زۆر لــە بەرپرســەکانی یــەکێتیی بــە تــاک و کــۆ بــۆ لای دەزگــای ئیتتیلاعــاتی ســپای پاســداران لــە شــارەکانی ســەردەشــت، ورمــێ و کرماشـــان و لەگـــەل کاربەدەســـتانی ئێرانـــی لـــە اطلاعـــات و (ســـپای پاســـداران) دانیشـــتون سیاســەتێکی ڕەچــاوکراوو پلانــدارێژراو بــووە. بروانــە لاپــەڕەی ١٠٣ "خولانــەوە لــە نــاو بازنــە دا" نووســینی نــەو شــیروان مصــطفی. ئــەو بابەتــەش لــەو روانگەیــەوە جێیســەرنجە . بــەلام نووســەر باســی ئــەوەی نــەکردووە کــە ئــەو بەرپرســانەیان بــۆ چــی بــە دەزگــای اطلاعــات و ســپای پاســداران ناســاندبوون و چ ئــەرکێکیان بــۆ رەفتــار لەگــەل "کێشــەی موعــارەزەی ئێرانــی" کــە نووســەر لــە کتێبەکــەیدا باســی کــردووە پــێ ئەســپاردبوون بروانــە لاپــەرەی ١٠٥ هەر ئەو سەرچاوەیەی سەرەوە کە باسی کرا.

٣٩ – شــێوەی راکێشــانی بنبــێللا بــۆ هاوکــاریی کــردن لەگــەل دەزگــای تێــرۆر وەکــو راکێشــانی خــاوەنی رێســتۆرانی میکونــوس بــووە. لــە هــەردوو پــلانەدا دوکــان یــان ئاپارتمــان بــۆ هاوکــارانی ئیتتیلاعات و سپا ی پاسداران و دەزگای تێرۆر کردرابوو.

نەوشــیروان مصــطفی لەنووســینی ئــەو زانیارییانــەی دا ئــەو مەبەســتەی هــەبــووە کــە بــە خوێنــەر بڵــێ: تــەنزیمی یــەکێتیی تاچــە رادەیــەک لــە دەزگــای ئیتتیلاعــاتی ئێــران و ســپای پاســـدراندا تیواوەتـــەوە کـــە ســـەرکردەکانی خـــۆی بـــە تـــاک و کـــۆ بـــە ســـپای پاســـداران و ئیتتیلاعـــات ناســـاندووە کـــە راســـتەو خـــۆ پێوەنـــدییان لەگـــەل بگـــرن... بروانـــە ئـــاخر پـــاراگرافی لاپـــەرەی ١٠٣ کتێبـــی خولانـــەوە لـــە نـــاو بازنـــەدا لـــەژێر ســـەردێری " دەس پێکردنـــی پێوەنـــدیی" لە نێوان ینک و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران دا:

"لەو ماوەیەدا چەند کەس لە بەرپرسەکانی یەکێتیی: لە سەرەتاوە دلێری سەید مەجید و دوای ئەو د.فواد معصوم[2]، ئازاد هەورامی، جەبار فەرمان، دارای شێخ جەلالی حفید، رفعت عەبدوررەحمان، علی پچکۆل، شێردل حەویزی، جەلال عەبدولقادر، بە کۆمەل و بە جیا سەردانی ئێرانیان کرد. لە سەردەشت،ورمی و کرماشان لەگەل کاربەدەستی ئێرانی، لە (اطلاعات) و (سپای پاسداران ) دانیشتن." لە کاربەدەستانی ئێرانیش چەند کەس هاتن بۆ گەلالەی شینکایەتی، باخسەمەرو بەرگەڵو. نەوشیروان مصطفی لێی زیاد کردووە:"ئێرانییەکان وەکو ئەوەی لە خەباتی ژێرزەمینی دابن، هەمیشە ناوی راستەقینەی خۆیان ئەگۆری و بە ناوی وەهمی و نهێنییەوە قسەیان لەگەل ئەکردین.

ئەو سەرکردانەی یەکێتیی نیشتمانیی بۆچی و بە چ مەبەستێک لەلایەن تالەبانییەوە ناردراون بۆ خۆناساندن بە دەزگای ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و چ "ئەرکێکی نیشتمانیی پیرۆزیان" بۆ خەلکی کورد بەرێوە بردبوو، نەنووسراوە. بەلام ئاکامی کارەکانیان بۆ ئیتتیلاعاتی سپاو دەزگای تێرۆری رفسنجانی لە راپۆرتی تالەبانیی بۆ پلێنۆمی ٤ی ینک لە ٢٩-٣١ مانگی ١٠ سالی ٢٠٠٩ و لەهاوخەباتییەوە بۆ تخوین نووسراوە.

تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی دانیان بەوە داناوە کە رێکەوتن لەگەل باقری ذوالقدر لە مانگی دەی ١٩٨٦زەوینە خولقێنی جینایەتەکانی کوردستان دوای راکێشانی دوو هێزی زەبەلاحی ئێران و عێراق لە باشوری عێراقەوە بۆ سەرخاکی باشوری کوردستان بووە. توناکردنی حدکا و تێرۆری رێبەرانی ئەو حیزبە و تێرۆری سازماندراوی سەدان ئەندامی حدکا بە هاوکاریی زانیاریی ینک و هاودەستیی مەلا عەبدوللاو تیمەکەی لەو هەموو جینایەتەی کە دژ بە سازمانە سیاسییەکانی رۆژهەلات لە باشور کراون بەشێک لەوکارەساتانەبوون کە تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی لە راپۆرتەکەیان بۆ پلێنۆمی ٤ ینک (تاوانبارکردنی نەوشیروان مصطفی بە دنەدانی صدام بۆ لێدانی هەلەبجە و کۆشتاری بە کۆمەلی خەڵکی بێدیفاع و وەلامی نەوشیروان بە تالەبانیی و تاوانبارکردنی بە بەر پرسی سەرەکیی کارەساتەکانی کوردستان لە ئاکامی تواندنەوەی ینک لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بە پێیرێکەوتن ل مانگی دەی ١٩٨٦لەگەل باقری ذوالقدر)بووە.

رێکەوتنی تالەبانیی و ذوالقدر لە ١٩٨٦ تەنزیمی ینک ی کرد بە بەشێک لە سپای پاسداران. بروانە خولانەوە لە ناو بازنەدا لە لاپەرەکانی ١٠٣ تا کۆتایی لاپەرەی ١١٤ ی سەرچاوەی ئاماژە پێکراو. سێ مانگ و دەرۆژ دوای تێرۆری د.شەرەفکەندی بە پلان و پیلانی حەسەنزادە و تالەبانیی مەلا عەبدوللا حدکای بۆ ئۆردوگای تالەبانیی ژێر چاوەدێریی سپای پاسداران راداو کوشتاری ئەندامانی حدکا بە هاوکاریی مەلاعەبدوللاو تیمەکەی کۆتایی بە بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان هێنا. مەلا عەبدوللاو تیمەکەی بەرپرسی خولقاندنی زەمینەی تێرۆری سەدان تێرۆرکراوی حدکا لە باشوری کوردستان، ئاشبەتاڵ و هاودەستییکردنی خۆی و تیمەکەی لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و زانیاریی ینک بۆ کوشتاری ئەندامانی حدکایە.

---

[2] سەرۆک کۆماری ئێستای عێراق-

تــەزویرەکانی عەبــدوڵلا حەســەنزادە ئەمارەگــەلی ســەلمێنەری  هاودەســتیی نــاوبراو لەگــەڵ بانــدەکانی تێــرۆر و پاکانــەکردن بــۆ جینایــەتکاران. لــەرەوتی لێکۆڵینــەوەدا  پرۆســەی هاوکــاریی حەســـەنزادە و ئیتتیلاعـــاتی ســـپاو تەنزیمەکـــەی تالـــەبانیی لـــە تـــەزویرەکانیدا پررەنگتـــر دەبیندرێن.

٢٩--لــە لاپــەرەی ١١دا پــاراگرافی ٢  دەقــی ئینگلیزیــی کتێبــی  خولیــاو مــەرگی رەحمــانی کــورد خولیــای کوردســتان، و لاپــەرەی ٣٢ ی دەقــە کوردییەکــە  پــاراگرافی ٢ مــەلا عەبــدوڵلا حەســەنزادە١٧ خــەتی فەرمایشــتەکانی خــۆی سانســـۆر کــردوون. بروانــە لاپــەرەی ١١ ی دەقی ئینگلیزیی کتێبەکەی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد لە لاپەرەی دواتردا!

تەرجەمـــەی وەرگێـــردراوە سانســـۆرکراوەکە لـــەخوارەوە بخوێنەوەکــە   نووســـەری ئــەم لێکۆڵینەوەیــە کردوویــە بــە کوردیی .
کـــارۆل لـــەزمانی مەلاعبـــدالله حســـنزادەوە نووســـیویە: هــاورێی حیزبیــی قاســملوو گــوتی: "قاســملوو دوو ئامــانجی هــەبوو: ببێتــە قارەمــانی ئاشــتیی  و باشــترین کــار بــۆ کــورد بکـا. عێـراق ببـووە پەناگایـەک بـۆ بزووتنـەوەی کـورد لـە ئێـران، تورکیـا و سـوریا.  لەوکاتـەوە کـە حکومـەتی صـدام حوسـێن لەگـەڵ هەرسـێ لـەو دەوڵەتانـە گیروگرفتـی هـەبوو سـالێک پـێش ئـەوەی بکـوژرێ، لـە ١٩٨٨ کـە شـەڕی ئێـران و عێـراق کۆتـایی پـێ هـات، قـەراردادێک لـەنێوان دوو دەدەولـەتی ئێـران و عێـــراق بـــۆ لـــەناوبردنی شۆرشـــی کـــورد لـــە هـــەر دوو وڵاتەکەدا هەبوو.
حســـنزادە بـەم جـۆرەی شـرۆڤە کـرد:" دوکتـور قاسـملوو لــەوە [قــەرارادە] ئاگــادار بــوو و  دەیویســـت بـــە لانـــی کــەمی قــەرادادێک لەگــەڵ ئێرانییــەکان بگــات کــە هــەم ئەمنییــەتی بــۆ کوردەکــانی عێــراق هــەبێ  و هـــەم بـــۆ هـــەموو بزووتنەوەیـــەکی کـــورد لـــە کوردســـتانی ئێـــران پێگەیـــەک هـــەبێ.  ئـــەو نیگـــەران بوو کە سناریۆی ١٩٧٥ دووپات بێتەوە .
بـــەگوێرەی  وتـــەی کـــوردێکی عێراقـــی، دۆســـتی دێرینـــی قاســـملوو، رووناکبیری کـــورد، عزالـــدین مصـطفی  رەسـول :" قاسـملوو لـە پێوەندییـەکانی لەگەڵ دەولەتی عێراق دا تووڕە و ماندوو  بوو.


Carol Prunhuber 11

with the Iranian government. He badly needed a triumph after so many years of fighting and adversity.

Ghassemlou's collaborator in the party, Abdullah Hassan Zadeh, said Ghassemlou had two goals: to be the hero of peace, and to do the best for all the Kurdish people. Iraq had become a haven for the Kurdish resistance in Iran, Turkey, and Syria, since Saddam Hussein's government had problems with all three.

"A year before he was murdered, in 1988, when the war between Iran and Iraq ended, there had been an agreement between the Iraqi and Iranian government to crush the Kurdish rebellion in both countries," he explained.[11]

"Dr. Ghassemlou was aware of this and he wanted to reach a minimal agreement so the Iranian as well as the Iraqi Kurds could have security, and so that all the Kurdish resistance could find refuge in Iranian Kurdistan. He was concerned that the same scenario as in 1975 would be repeated."[12]

According to Ghassemlou's long-time friend, Iraqi Kurdish intellectual and academic Izzadin Mustafa Rasul, "He was also tired and fed up with his relations with the Iraqi government."[13]

ســەرچاوەی ئــەو وتانــەی مــەلا عەبــدوڵلا وەکــو ئــەوانی دیکــەی ســاختەیە. عزالــدین مصــطفی رەســوڵ کێیــە و چ پێوەندییــەکی بــە سیاســەت و حدکاودقاســملووەوە هــەبووە و لــە کــوێ و لــەچ بۆنەیــەکدا ئەم وتانەی نووسیون تەنیا مەلا عەبدوڵلا  دەزانێ و بەس.

حســـنزادەی ئێــدیتۆر لەبــەر نادروســت بــوونی وتــەکانی و بــۆ ئــەوە دواتــر عزالــدین مصــطفی رەســوڵ رەخنــە لــە  هەڵبەســتراوەکــانی بــە زمــانی ئــەوەوە  نــەگرێ، لــە دەقــە کوردییەکــەیدا ئــەو ١٧ خەتەی لە  وتەکانی خۆی سانسۆر کردوون.

تێبینیــی : حســـنزادە وەکــو هەمیشــە ســەرچاوەیەکی بــۆ قســەکانی نییــە و نــاڵێ ئــەو قــەراردادەی لــە کــوێ خوێندووەتــەوە؟ بــە چ زمانێــک نووســراوە؟ چۆنــە جیالــەو کەســێ دیکــە ئــەو قــەراردادەی نەخوێندووەتــەوە؟  زۆر لــە سیاســەتبازونەخوێندەواری سیاســیی کــورد، بــە تایبــەتیی ئەوانــەی کــە لــە

باشوری کوردستان خۆیان به سیاسەتمەدار به خەلکی کورد فرۆشتووه، وتەکانیان درۆ و بێ بنەمان، هەڵبەستراون وجێی‌متمانە نین، شاهیدەکانی مردوون یان تێرۆرکراون. هەرکەسێک ئەو وتانە بخوێنێتەوە شک دەکاتە سەر راستبوونی ئیدیعاکەر. سیاسەتخروی[3] نەخوێندەواری حدکا کە لە باشوری کوردستانەوە دوای شۆرشی ئێران هاتنەوە رۆژهەلاتی کوردستان و ئەوەی لە زانستی سیاسیی فێری ببوون د.قاسملوو لە گوتوبێژی وانەکانی‌بۆ کادرو پێشمەرگەی باس کردووە. نموونەی ئەوانە لە ناو حدکای جێگیر لە باشوری کوردستان لەقەولی د.قاسملووەوە پێناسەکراون. بروانە: سایتی رۆژی کورد لەو لینکەی خوارەوەدا

http://www.rojikurd.info/wordpress/?page_id=16

ئەوەی مەلا عەبدوللا حەسەن‌زادە بە کارۆلی گووتووە ولە ئێنگلیزیی‌یەکەیدا نووسراوە راست نەبووە. بەڵگەش سڕینەوەی ئەو وتانەیە لە لایەن حەسەنزادەوە لە پێداچوونەوە بە دەقە کوردیی‌یەکەدا. ئەو وتانەی حسن‌زادە ئەگەرراست بووبن، بۆ چی لە دەقەکوردیی‌یەکەی دا سانسۆری کردوون؟!

عبدالله حسن‌زادە ئەو وتوێژەی لە جولای ٢٠٠٩ لەگەل کارۆل پرۆن هوبێر لە ئۆردوگای پەنابەران لە کۆیە کردووە.

حسن‌زادە لەو وتووێژەش دا کە لە لاپەرەی ٣١٧ دەقە ئینگلیزیی‌یەکەدا لەلایەن کارۆلەوە نووسراوە، ئیددیعایەکی ناراستی دیکەی کردووە کە کارۆل نووسیویە : حسن‌زادە بە کارۆلی گوتووە کە دوای تێرۆری د.شەرەفکەندیی و سێ لە هاورێیانی لە بێرلین، کراوە بە سکرتێری حدکا. ئەو ئیددیعایەی لە ئاخری کتێبەکەش‌دا دووپاتە کردووەتەوە. ئەوەش ئیددیعایەکی ناراستە.

مەلا عەبدوللا حسن‌زادە بە مەیلی خۆی روداوان دەخولقێنی، سانسۆریان دەکا، تەزویریان دەکا، بە زاراوەی سیاسیی خۆی مشکیان تێدا دەکوژێ. ئەوەی فێلە لە هاورێیانی خۆی دەکاو بە نەفامیان دادەنێ. ئەو تەزویرە ئاشکرایەی حەسەنزادە لە سەرەتای لاپەرەی ٣١٧ کە شرۆڤەی لاپەڕەی ١١ دەقە ئینگلیزیی‌یەکەی کتێبئ خولیا و مەرگی رەحمانی کوردە بخوێنەوە! کرتە بۆ ئێرەبکە و کۆنترۆل دابگرە. بۆ ئاسانکاریی و " تەساهول " ئەو بەشە لە دەقەئینگلیزیی‌یەکە کە وتوێژی کارۆل لەگەل مەلا عەبدوللا بووە بۆ ئێرە راگوێزراوە! لاپەرەی ٣١٧ سەرچاوەکان و ژمارەی بابەت ١٣ و ژمارەی لاپەڕە ١١یە:

<u>Abdullah Hassan zadeh, interview with the author. Koya, Iraqi Kurdistan, July 2009. Hassan Zadeh became secretary general of the KDPI in 1992, after Ghassemlou 's successor Sadegh</u> Sharafkandi was murdered in Berlin with three other Kurdish collaborators.

وەرگێردراوەکەی بە کوردیی بەم جۆرەیە:

عەبدوللا حەسەن‌زادە کە لە ٢٠٠٩ لەگەڵ نووسەری کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان وتوێژی کردووەو گوتوویە کە ئەو واتە عەبدوللا حەسەن‌زادە دوای تێرۆری صادق شەرەفکەندیی لە ١٩٩٢ کە لە برلێن لەگەڵ سێ هاورێی کوژران، بوو بە سکرتێری گشتیی حدکا.

ئەوە وتەیەی مەلا عەبدوللا لە واقعییەت بەدوورە. مەلاعەبدوللا لە ١٩٩٥ کرا بە سکرتێر. حەسەن‌زادە رێکەوتی روداوەکانی لەبیرناچی بەلام لە هێندێک شوێن دا

---

٣- سیاسەتخرو بە واتەی ئەوکەسەی کە سەری لە سیاسەت دەخورێ، یان خروی سیاسیی بوون و سیاسەتکردنی هەیە. بەلام زانستی سیاسەتی نەخوێندووە. سیاسەت زانستە. لە ناو عەوام دا سیاسیی بە کەسێک دەگوترێ کە درۆخۆش بێ و لە ئاشکرابوونی درۆکانی نەترسێ..

تەقیەی شەرعیی ئاخوندیی ڕێگای پێداوە بە ئەنقەست واقعییەتەکان بگۆڕێ، سانسۆریان بکا، سەقەتیان بکا چی پێخۆش بێ بیڵێ و بیکا.چونکە چەند دەروێشی جینایەتپۆشی بڕوای پێدەکەن. لەقەدیمەوە لەناوکورددا گوتراوە:" دەروێشێکی کەر لە گوندێکی شەش دانگیی باشترە." (فۆلکلۆر)

٣٠ – لاپەرەی ١٢ دەقە ئینگلیزیی‌یەکە پاراگرافی ٣

شەش خەتی لەو تێکستەکە ئاماژەی پێکراوە مەلا عەبدوللا حەسەنزادەسانسۆری کردوون. بڕوانە لاپەرەی ٣٢ ی دەقە کوردیی‌یەکە. ئاخر خەتی بەر لە کۆتایی‌پێش سەردێری چوارشەممە١٢ /٧ جولای. کرتە بۆ ئێرە بکە وکۆنترۆل دابگرە! ئەو بەشە سانسۆرکراوەی خوارەوە نووسەری ئەم لێکۆلینەوەیە کردوویە بە کوردیی .

| | |
|---|---|
| Though he did not express his innermost feelings, Ghassemlou did express concern for his own safety. One week before his trip to Vienna, he met with a friend for dinner in Paris. "A man like me always has to protect himself and be alert," he told her. "Death is stalking anywhere." For the sake of her own safety, he asked her to sit against the wall: that way if "someone sees me, they will shoot at me and I can serve as a shield."[15] | "ئەو هەستی دەروونیی خۆی دەرنەدەبڕی. قاسملوو نیگەرانی لەش‌ساغیی خۆی بوو. حەوتوویەک پێش سەفەرەکەی بۆ ڤییەن دۆستێکی بۆ ئێوارە شێو لە پاریس بانگهێشتن کردبوو. قاسملوو بەو دۆستەی گوتبوو: کەسێکی وەکو من دەبێ ئاگاداری خۆی بێ: مەرگ لە هەموو شوێنێک بە لەنجەولاردێ‌ودەچێ." بۆ پاراستنی سلامەتیی خۆی داوای لەو دۆستەی کردبوو کە بەرامبەردیوارەکە ڕۆنیشێ و گوتبووی: لەو ڕێیەوە ئەگەر کەسێک من ببینێ و بیهەوێ گوللە بارانم بکا من دەتوانم ئەودیوارە بکەمە پەرژین و خۆم بپارێزم |

"ئەو هەستی دەروونیی خۆی دەرنەدەبڕی. قاسملوو نیگەرانی لەش‌ساغیی خۆی بوو. حەوتوویەک پێش سەفەرەکەی بۆ ڤییەن دۆستێکی بۆ ئێوارە شێو لە پاریس بانگهێشتن کردبوو. قاسملوو بەو دۆستەی گوتبوو: کەسێکی وەکو من دەبێ ئاگاداری خۆی بێ: مەرگ لە هەموو شوێنێک بە لەنجەولاردێ‌ودەچێ." بۆ پاراستنی سلامەتیی خۆی داوای لەو دۆستەی کردبوو کە بەرامبەردیوارەکە ڕۆنیشێ و گوتبووی: لەو ڕێیەوە ئەگەر کەسێک من ببینێ و بیهەوێ گوللە بارانم بکا من دەتوانم ئەودیوارە بکەمە پەرژین و خۆم بپارێزم." کرتە بۆ ئێرە بکە و سەرجەمی لاپەرەکە ببینە و لەگەل لاپەڕەی ژمارە ٣٢ دەقە کوردیی‌یەکە لەهەمبەر یەکتریان رابگرە.

http://www.mediafire.com/view/c35zikmase8t58a/12-13%20carol%20.E.jpg

٣١ --مەلا عەبدوللا حەسەنزادە لە لاپەڕەی ١٣دەقی ئینگلیزیی پاراگرافی ٣ ، پێنج خەتی تێکستەکەی قرتاندووە. لە کوردیی‌یەکەدا لاپەرەی ٣٤ پاراگرافی یەکە. ئەو وتەیەش هی حسەنزادە بووە. مەلا عەبدوللا نەیویستووە کورد ئەو وتەیەی کە ئەو لەسەر خورافاتیی‌بوونی د.قاسملوو نووسیویە بخوێنێتەوە. ئەوەش وەکو وتەکەی عزالدین مصطفی رەسوڵە کە مەلا عەبدوللا حەسەنزادە قرتاندبووی. "ئەوە رەنگە خۆرافات بێ" کورد هەموو کاتێ چارەرەش بوون. پێم وایە ئەوە ئەو شتەیە کە تارمایی خستبووە سەر مێشکی قاسملوو. قاسملوو بەردەوام ئەو وتەیەی بابی دەگێڕایەوە کە گوتبووی: ئەگەر فارسێکت دی، ئێرانیی‌یەکت توش بوو دەبێ بیکوژی یان لەبەری ڕاکەی, چونکە ئەو، فێڵبازە و زمانی بتگاتێ دەتئەنگێوێ و بە تەڵەتەوە دەکا.

Carol Prunhuber 13

he was not very prudent and took few precautions. His friends chided him constantly about this. In fact, it was a miracle he had survived this long.

"He never had a sense of danger," Hélène scolded. "In Kurdistan, people often came to see me and asked me to convince him to be careful."[17]

"This may be superstitious," said Abdullah Hassan Zadeh. "The Kurds have always had bad luck, and I believe this is what clouded Dr. Ghassemlou's mind. He was always repeating a saying his father had: If you see a Fars, an Iranian, you either kill him or run, because his cheating and lying tongue can catch you."[18]

" کرتە بۆئێرە بکە و کۆنترۆڵ دابگرە!

درێژەی دەبێ.

٢٤ مای ٢٠١٥

نووسراوەکانی دیکەی نووسەر لە سایتی رۆژی کورد دا بخوێنەوە!

http://www.rojikurd.info/wordpress/?page_id=16